زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

**دۆسێی ژمارە ( ٣ )**

## دۆسێی :

# ئەفسانەی مەسیحی دەجال و مەهدی





نووسینی: محەمەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم نۆڤەمبەری ٢٠١٨

زنجیرە دۆسییە فەرهەنگی و فیکرییەکان

دۆسێی ژمارە ( ٣ )

# دۆسێی:

# ئەفسانەی مەسیحی دەجال و مەهدی

نووسینی: محەممەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: نۆڤەمبەری ٢٠١٨

## پێشەکی:

ئەفسانەی مەسیحی دەجال بەرجەستەی کێشمەکێشیکی بێ برانەوەی نێوان خێر وشەڕ دەکات، کە لە زۆربەی فەرهەنگە کۆنەکانی گریکی وبابلی وفیرعەونی، وجوواتی ومەسیحیەتدا هاتووە. هێمای شەڕیش لێرەدا کائینێکی خەیاڵی ترسناکی یەک چاوە، هەرچەندە بوخاری ومسلم دژەوانەن لە دیاریکردنی کام چاوی کوێرە، بوخاری دەلیت راستە، وموسلم دەڵیت چەپە!

لە قورئاندا هیچ شتێک نەهاتووە دەربارەی مەسیحی دەجال، سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو ڕوداوە ئەفسانەییانەی کە باسیدەکرێت وەک زیندووکردنەوەی مردوو و بەهەشت و ئاگر بە دەستی دەبێت! سەدان کاریتر کە زیاتر لە گومان بردن و شیرک پەیداکردن بۆ خوا دەچێت!

بیرۆکەی مەسیحی دەجال زۆر باوە لە هەموو دینەکان بە ئاسمانی و ئەرزیەوە، زۆربەی دینەکان چاوەڕوانی مەهدیەک و مخلص و ڕزگارکەرێک دەکەن، لەگەڵ چاوەڕێی مەسیحێکی شەڕانگێژ و دەجال. وادیارە ئەو بیرۆکەیە ئەفسانەییەش دزەی کردۆتە ناو ئیسلام یش لەڕێگای ئەحادیس و تەفسیردا .

بەڕای ئێمە ئەو دیاردانەی مەسیحی دەجال ومەهدی و خۆ بە پێغەمبەرزانین هەمووی جۆرێک لە نەخۆشی و وەهمن لە ژێر خانەی نەخۆشییە دەرونییە دینیەکان کۆدەبنەوە.

ئێستا دەروونزانی نوێ کارێکی زۆر دەکات لەسەر توێژینەوە لە نەخۆشیە دەروونیەکانی دین یان شیزۆفرێنیای دین یان ناوی دەێن نەخۆشیە وەهمیە دینیەکان، کە دیارترین ئاماژەکانی خەمۆکی و حیقدێکی ڕەش و دابڕان لە واقع و شێوانی دەروونی و شڵەژانی عەقڵیی و کەسایەتیە.

زۆربەی توێژینەوە دەروونیەکان لەو بوارە کۆکن لەسەر ئەوەی دینداری تووند و چڕ مرۆڤ بەرەو شیزۆفرێنای دینی دەبات.

ئەو دۆسێییە لەسەر دیاردەی دەجال و مەهدی لە ئیسلامدا نووسراوە، حەدیس وسەرچاوەکانی دین دەیسەلمێنن کە کۆمەڵگا دینییەکان چۆن لە ڕێگای دەقەوە وەهم و خوڕافاتی وایان بۆ دروست دەبێت، کە دەگاتە ڕادەی ئەوەی سەرەڕای ناڕاست دەرچوونی دەقەکانیش، کۆمەڵگا دینییەکان واقیعە ڕاستەکە فەرامۆش دەکەن و نکوڵی لێدەکەن لە پێناو ئەو خوڕافاتانەی بە دەق دامەزراون!

هیوادارم سوودی هەبێت

محەممەد هەریری

٢٠١٨/١١/١٤

# دین بوون و شیزۆفرێنای دینی!

لە ناو کوردەواری زۆر جار گوێم لێدە بوو دەیانگووت فلان ئەوەندە چوویتە ناو دین شێت بووە .بادینی بە شێت بوون دەڵێن دین بوون . لەوانەیە لەبەر زۆر دیتنی دیاردەی شێت و دێوانە دیندارەکان، ناونانی ئەو زاراوەیە لە دینەوە هاتبێت!

ئێستا دەروونزانی نوێ کارێکی زۆر دەکات لەسەر توێژینەوە لە نەخۆشیە دەروونیەکانی دین .کە دیارترین ئامازەکانی خەمۆکی و حیقدێکی ڕەش و دابڕان لە واقع و شێوانی دەروونی و شڵەژانی عەقڵیی و کەسایەتیە. نەخۆشیەکی سایکۆلۆژی دینی زۆر هەیە وەک Manic-Depressive Psychosis کە هەموویان لە ژێر ناوی شیزۆفرێنای دینی کۆدەبێتەوە .

یان ناوی دەێن نەخۆشیە وەهمە دینیەکان. کە زۆربەی توێژینەوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی دینداری توند و چڕ مرۆڤ بەرەو شیزۆفرێنای دینی دەبات.

لە نیشانە سەرەکیەکانی ئەو نەخۆشیە، هەستکردنی نەخۆشەکەیە بە گەورەیی خۆی، خۆی لێ دەبێتە پێغەمبەرێک یان مەهدی مونتەزیر یان خوا جاروبار. یان وادەزانێت خوا قسەی لەگەڵ دەکات و ئاڕاستەی دەکات. نەخۆشەکەش لە

زۆربەی حالەتەکان هەلوەسەی بیستن و بینین ی هەیە، یانی دەنگ دەبیستێت و وێنە دەبینێت !

لە یەک هۆڵی بیست نەخۆشی، دکتۆرێک دەڵێت شەش حەزرەتی مەسیحی تێدا بوو. من لە کوردستان سێ چوار مەهدی مونتەزیرم دیوە بەخۆم.
لە هەمووی عەنتیکەتر کەسایەتیەکی دینی لە هەولێر هەیە کە تووشی شیزۆفرێنای دینی ببوو خۆی لێ ببوە حەزرەتی عائیشە !

ئێستاش ئەو برادەرە هەر خەریکی دەعوەی دینیە بەو زهنیەتە نەخۆشەوە !

من کەم دینداری قوڵبووەوەم دیتوە مرۆڤێکی سروشتی بێت! دەبێت کۆمەڵگا زۆر وریا بێت کاروباری سیاسی و ترسناک و هەستیاری خۆی نەخاتە بەر دەستی ئەو شێزوفرۆنیکە دینیانە، من گومانم نیە کە ٩٠% دینداری قووڵ و توندڕەو شیزۆفرێنای دینی هەیە . ئەو نەخۆشانە دەبێت دەرمانیان بدەیتێ نەک حوکم و سیاسەت و چارەنووس.

محەممەد هەریری

٢٠١٧/٧/١٣

# ئەفسانەی مەسیحی دەجال

-١-

ئەفسانەی مەسیحی دەجال بەرجەستەی کێشمەکێشیکی بێ برانەوەی نێوان خێر وشەڕ دەکات، کە لە زۆربەی فەرهەنگە کۆنەکانی گریکی وبابلی وفیرعەونی، وجوواتی ومەسیحیەتدا هاتووە. هێمای شەڕیش لێرەدا کائینێکی خەیاڵی ترسناکی یەک چاوە، هەرچەندە بوخاری ومسلم دژەوانەن لە دیاریکردنی کام چاوی کوێرە، بوخاری دەلیت راستە، وموسلم دەڵیت چەپە!

لە قورئاندا هیچ شتێک نەهاتووە دەربارەی مەسیحی دەجال، سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو ڕوداوە ئەفسانەییانەی کە باسیدەکرێت وەک زیندووکردنەوەی مردوو و بەهەشت و ئاگر بە دەستی دەبێت! سەدان کاریتر کە زیاتر لە گومان بردن و شیرک پەیداکردن بۆ خوا دەچێت!

بیرۆکەی مەسیحی دەجال زۆر باوە لە هەموو دینەکان بە ئاسمانی و ئەرزیەوە، زۆربەی دینەکان چاوەڕوانی مەهدیەک و مخلص و ڕزگارکەرێک دەکەن، لەگەڵ چاوەڕێی مەسیحێکی شەڕانگێژ و دەجال. وادیارە ئەو بیرۆکەیە ئەفسانەییەش دزەی کردۆتە ناو ئیسلام یش لەڕێگای ئەحادیس و تەفسیردا .

با چەند سەرنج و خاڵێک لەسەر ئەو بابەتە بخەینە ڕوو:

١ - پێش هەر شتەکی هەموو دەزانین کە خوا موعجیزە و کەراماتی دەداتە ئیماندار و پێغەمبەران وپیاوچاکان بۆ بەهێزکردنی ئیمانی خەڵک، وەک زیندووکردنەوەی مردوو لەلایەن مەسیحی کوڕی مەریەم د.خ، یان موعجیزەی عەسای موسا و شتیتر. بەلاٌم لە فیلمەکەی دەجال خودا موعجیزەو توانای دەداتە دەجال بۆ فریودانی خەڵک، کە مەگەر پێغەمبەران پێی فریو نەخۆن.

دەبێت چ حیکمەتێک لەوەدا بێت لەلایەک حەدیسەکان دەڵێن تا دنیا نزیک دەبێتەوە لە قیامەت موسڵمان ئیمانی لاواز دەبێت، کەچی لە ماوەیەکی کەمی پێش قیامەت کە ئیمانی خەڵک لە دوا پلەی لاوازیە، خودا کەسێک دەنێرێت بە هەموو توانا و سەلاٌحیاتی خۆی، مردوو زیندوو دەکاتەوە، غەیب دەزانێت، ئاگر و بەهەشتی کەرتی تایبەتی خۆی هەیە وسەدان کاریتری خودایی دەکات، تا ئەو ڕادەیەی حەدیسێکیان دروستکردوە دەڵێت:لێتان تێک نەچێت چاوێکی کۆرە،خودا چاوی کۆر نییە!!!

بڕوانە ئەو بەجەستەکردنی خوایە (تجسیم)؟!! یانی خوا هەردوو چاوی ساغە! مەلایەک لە خوتبەی باسی توانا خواییەکانی دەجالی کردبوو، گوتبووی نەکەن پێی هەڵخەڵەتێن، مام حاجیەکی هەولێریٚ پێی گەتبوو: توخوا

دەجال ئەو توانایانەی هەبێت ئەتووش دوای ناکەوی وەها بیتن؟!

٢ - ئەو حەدیسانەی هاتوون لەو بارەیەوە بە چێشتی مجێوری دەچن، پڕی هاڤدژی و پێچەوانە و قسەی لاواز و ناماقوڵن. ئەهلی حەدیس لە سەلەفیەکان بە خەڵکی دەڵێن حەدیسەکان متەواترن وزۆر ڕاستن، واش نیە جارێ کەس نازانێت دەجال ابن صیادە یان ئەو وەحشە کارتۆنیەی حەدیسەکەی جەساسەیە کەوەک وەحشێکی ئستوڕی وەسفی دەکات تمیم الداری لە صحیحی مسلم دا؟! ئەگەر ابن صیادە وەک حەزرەتی عومەر باسی دەکات وسوێندی لەسەر دەخوات کە دەجالە! ئەوە جساسە درۆیە، ئەگەریش جساسە ڕاستە ابن صیادە کە درۆیە .

٣ -ئەگەر سەرنجێکی بچوک بە پێی مێژوو بڕوانینە حەدیسەکان دەبینین لە چەند حەدیسێکەوە دەستیپێکردوە، دوایی وردە وردە ئاوساون وەک بەکتریا زیادیان کردوە دابەش بوونەتەوە .

موطأ مالک کە لە ١٧٩ کۆچی کردوە تەنها ٤ حەدیسی ڕیوایەت کردوە لەسەر دەجال

لە مصنف عبدالرزاق لە ٢١١ هیجری کۆچی کردوە ٢٣ حەدیسی ڕیوایەت کردوە

لە مصنف ابن ابي شيبة کە لە ٢٣٥ هیجری کۆچی کردوە بویتە ٤٢ حەدیس!

لە صحيح البخاري کە لە ٢٥٦ هیجری کۆچی کردوە بویتە ٥١ حەدیسی دەجال!

لە صحيح مسلم کە قوتابی بوخاریش بوە لە ٢٦١ کۆچی کردوە بەقودرەتی قادر بویتە ٦٠ حەدیس!!!

یانی تا زەمەن تێپەڕیوە حەدیسەکان بە شێوەیەکی گوماناوی زیادیان کردوە و وەک مانگا زان !

چەند نمونەیەک لە حەدیسەکانی دەجال با باس بکەین و ببینین چۆن خەراباتێک لە عەقڵیەتی مرۆڤی عاقڵ دروست دەکات، نەک هێندە سوکایەتی بە خود دین و پێغەمبەریش دەکات، وەک مرۆڤێکی سەرلێشێواو و ڕاڕا دەری دەکات. لێرەدا حەدیسی جەساسەی سەحیحی موسلیم باس دەکەین:

# حەدیسی جەساسە

حەدیسی جەساسە ئەگەر لەو کتێبە داماڵین کە بە سەحیحی موسلیم ناسراوە وبیخزێنینە هەرکتێبێکی حیکایەت ئاسای وەک کەلیلە ودمنە یان ئیزۆپ یان هەزار ویەک شەوە یان ئەوەی لە ئەدەبی ئینگلیزی پێی دەڵێن fairy tale کە بریتیە لە چیرۆکەکانی جرۆجانەوەر وجادوو کە بۆ منداڵان دەگێڕدرێتەوە وپڕە لە جادوبازی وئاژەڵی خورافی ومەخلوقاتی عەجیب وغەریبی وەک (جەساسە) کەس پێی نازانێت. یان بکرێتە فیلمی کارتۆن منداڵان ئەڵقەیەکی دەرباز ناکەن!

کورتەی حەدیسەکەی تمیم الداری گوایە پێغەمبەر خۆی لێی دەگێڕێتەوە ودەڵێت: " کە سواری پاپۆرێکی دە ریایی بوە لە گە ل(٣٠) پیاو لە خێڵی (لخم)و(جزام) پاشان بۆماوە ی مانگێک شە پۆلی دەر یای هێناونی و بردونی،.... لە پاپۆرە کە دا بەزیون، چونە تە دورگەیەک، کە دە عبایەکی توکن بە رەو پیریان هاتوە، پێش و پاشی لێک جیا نە دە کرایەوە لەبە رمووی زور ،وتمان تۆ چیت؟ ووتی من(جەساسەم) وتمان جساسە چی یە؟

وتی خە ڵکینە برۆن بولای ئەو پیاوە لە و دێرەدا چونکە زۆر تامەزرۆی هەواڵتانە کە چوینە ناو دێرە کە سە یر دە کە ین گەورە ترین زە لام کە تا ئێستا بینیبێتمان لە قە بارە دا بە توند ترین شییۆە کۆت و زنجیر کرابوو، هە ردوو دە ستی بە

ستراوه به ملی یەوه، وتمان تۆ کێی؟ وتی ئەوا ئێوه من ده بینن ،به لاّم پێم بلّێن ئێوه کێن؟ وتیان ئیمه خه لّکێکی عەرەبین. ئینجا هه والّی دار خورماکانی (بیسان) و ده ریاچه ی (تەبەریه) و کانیاوی(زغر)ی لیمان پرسی... وتی هەوالّی پیغەمبه رم پێ بلّێن چی کرد؟ وتمان له مه ککه دەرچوه و له مه دینه یه، وه وتی عه ره به کان شه ریان له گه لّنه کرد؟ وتیان به لّی زالّ بوو به سه ر هەمووعه ره بی چواردەوریدا ئەوانیش ملکه چی بوون، وتی ئه گه ر به قسه ی من بکه ن وشوێنی کەون ئەوه خیری خۆتانی تێدایه ، " [١] ئەوەیه کورتەی وەرگێڕدراوی حەدیسەکە.

**-٢-**

جارێ حەدیسەکە بە زەقی پێچەوانەی فەرمودەیەکی تری بوخاری وموسلیم دەکات کە دەڵێت: **فَقَالَ : (أَرَأَيْتَكُمْ لَيْلَتَكُمْ هَذِهِ ، فَإِنَّ رَأْسَ مِائَةِ سَنَةٍ مِنْهَا لَا يَبْقَى مِمَّنْ هُوَ عَلَى ظَهْرِ الْأَرْضِ أَحَدٌ )** رواه البخاري ومسلم.

واتە: "سەد ساڵ لە دوای ئەو شەوەتاندا کەسێک لە وانەی لەسەر زەوین نامێنێت بە زیندوویی"

ئەو دورگەیەی کە باسی دەکات لە کوێیە، وکەوتۆتە کام جوگرافیای کە بە ئامرازە سەرەتاییەکانی تمیم الداری دۆزراوەتەوە وبە ئامرازە پێشکەوتوەکانی ئەم سەردەممان نادۆزرێتەوە؟ ئەی بۆ ڕەخنە لە ئیمامە گومبوەکەی ناو سەردابەکەی شیعەکان بکەین؟! ماقوڵە تەمیمی داری بە شرە بەلەمێک یان کەشتەک ئەو دوورگەیە بدۆزێتەوە کەچی تەکنۆلۆژیای ئەو سەردەمە کە سەدان هەزار قات پێشکەوتوترن ئەو دورگەیە نەدۆزێتەوە؟! گوێم لێبوو یەکێک دەیگووت ئەوەتە دورگەی بەرمۆدا نەدۆزراوەتەوە کەس ناتوانی لێی نزیک بیتەوە؟!

جارێ حەدیسەکە خۆی باسی دەریای شام و دەریای یەمەن دەکات ، کە هەزاران کیلۆ مەتر دوورن لە بەرمۆدا، ئینجا باشە ئەگەر دەیان کەشتی گەورەی بەهێز وفڕۆکەی نوێ نەیتوانیبێت لەو دوورگەیە نزیک کەوتبێتەوە، ماقوڵە تەمیمی داری بە شڕە بەلەمێک یان کەشتەک لەو دوورگەیە نزیک کەوتبێتەوە و بەساغی وئەو هەموو شتە سەیر وسەمەرانەشی دیبێت، وبەسەلامەتیش گەڕابێتەوە؟!

ئەو دابەیە یان حەیوانە سپۆرتەی کە ناوی (جەساسەیە) چۆن قسە دەکات؟! چۆن ئەو عەرەبیە فەسیحە فێربوە؟! ئەو دەجالە لەو سپۆرترە ئەو هەموو ساڵە چۆن زیندوە بە دەست وپێی بەستراوەیەوە، بۆ هێندە شەریفە تا هانی عەرەب بدات گوێڕایەڵی لە پێغەمبەر بکەن (درودی خوای لەسەر بێت) (أما إن ذاک خیر لهم أن یطیعوه) ئەوە دەجالە یان داعیەی ئیسلامیە؟! ئەو حالەتەش زۆر جار دوبارە دەبێتەوە وەک شەیتانەکەی ئەبو هورەیرە کە لە حەدیسێکی ناسراو دا هاتوە کە لە کاتی دزیکردن دەیگرێت وفێری دوعایەکی گەورەی دەکات تا بەری بدات!! ئینجا ئەو دەجالە غەیبیشی دەزانی کە پرسیارە ساویلکەکانی دەکرد لە بارەی دەریاچەی تەبەریە ودارخورمای بیسان وهتد؟! لە هەموی سەیرتر ئەو هەموو شڵەژانەی کە بەو قسانەوە دیارە کە گوایە قسەکانی پێغەمبەرن (درودی خوای لەسەر بێت)؟!

کە لە وتاری مەبەستدا بە هەڵە وەرگێردراوە ئەوە دەقی قسەکانە بە عەرەبی: **" ألا إنهُ فی بَحْرِ الشَام او بَحْرِ الیَمَنِ، لا بَل مِنْ قِبَلِ المَشْرِقِ، ما هُوَ مِنْ قِبَلِ المَشْرِقِ، ما هُوَ مِنْ قِبَلِ المَشْرِقِ ما هُوَ، وَاَوْمَأ بِیَدِهِ إلی المَشْرِقِ."** گوایە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەڵێت (ئەو دورگەیە لە دەریای شامە یان لە دەریای یەمەنە، نا بەڵکو لەلای رۆژهەلاَتە، نە لە ڕۆژهەلاَتیش نیە، نە لە ڕۆژهەلاَتیش نیە، لەویٚ نیە، وئاماژەشی بۆ ڕۆژهەلاَت کرد"!! ماقولە ئەو قسە بێسەروبەرانە قسەی پێغەمبەر بێت، کە زمان پاراوترینی کەسی نێو عەرەب بووٜ! زانایانی ئیسلام پینە وپەڕۆیەکی زۆر بۆ ئەو حەدیسە دەکەن کە بە هیچ پێوەرێک جێگای متمانە نیە.

ئەلبانی وەک عەدەتی خۆی سەنەدی حەدیس لای ڕاست بێت ئیتر کێشەی نیە، با مەتنەکەی هەموو خورافات ودرۆ بێت، یەکسەر تەسحیحی دەکات: لەوەلاَمی پرسیارێکدا سەبارەت بەو حەدیسە ئەلبانی دەڵێت: حەدیسی جەساسە، حەدیسێکی ڕاست وسەحیحە، هیچی تێدا نیە دژەوانی بکات لەگەڵ حەدیسە سەحیحەکانی تر، لەبەر دوو هۆش ڕاستە: یەکەم چونکە ئیمامی موسلم ڕیوایەتی کردوە. دووەم: ئیسنادی حەدیسەکە کەسێکی تیادا نیە تانەی لێدرابێت".

کەچی ابن عثیمین هێشتا باشترە ودەڵێت: من دەڵێم دڵم متمانەی بە ڕاستی ئەو حەدیسە نیە، لەبەر ئەو شتە نکولی

لێکراوانەی لە مەتنی حەدیسەکەدا هاتووە، کە شێخ محمد رشید ڕەزاش لە تەفسیرەکەی زۆر بە توندی ئینکاری ئەو حەدیسەی کردوە، چونکە ئەوەی لە حەدیسەکەدا هااتوە زۆر دوورە لەوەی قسەی پێغەمبەر [د.خ] بێت" [٢]

(ئەبو رەییە) لە کتێبی " أضواء على السنة المحمدية " دەڵێت:" ئەگەر ئیسرائیلیاتەکان ئاینی ئیسلامی پیس کردبێت بە ئیفترایەکانی، مەسیحیاتیش بەشی هەبوو لەو کارە تێکدەرە، ویەکەم کەسیش بەو کارەی مەسیحیاتە هەڵسا بێت (تمیم بن اوس الداری) یە، " ئینجا بە تەوسەوە دەربارەی حەدیسەکەی جەساسە دەڵێت:"بەڵکو زانایانی جوگرافیا بەدوای ئەو دورگەیە دەگەڕێن ولەسەر ئەو زەوییە دەیدۆزنەوە تا ئەو شتە سەیر وعەجیب وغەریبانە دەبینین کە سەروەرمان تمیم الداری باسیان دەکات!!!"

## ٣

حەدیسێکی زۆر هەیە بەهای زۆر سەلبی بڵاودەکاتەوە لەناو موسڵمانان پێویستە خەڵکی لێ ئاگادار بکرێتەوە، سەرنجێکی کەم بدەرە شەیتان لە قورئاندا چ نەگریسێکە ولە حەدیسدا خەڵکی هاندەدا شوێن پێغەمبەر کەون!

بڕوانە قورئان چۆن کوشتنی یەک کەس وەک کوشتنی هەموو مرۆڤایەتی دەزانێت، کەچی لە حەدیسدا کابرا ٩٩ کەس دەکوژێت وتەواوی دەکات بە ١٠٠ کەچی خوا لێی خۆش دەبێت چونکە تۆبەی کردوە ، هەربۆیەش کوشتنی مرۆڤ وا ئاسان وبآ نرخ بوە لە کۆمەڵگاکانی ئیسلامی ولای حزب وگروهە توندڕەوە ئیسلامیەکانیش.

دوای ئەوە حەدیسێکیتر لە بوخاری باس دەکەین.

**الیَمَنِ، لا بَل مِنْ قِبَلِ المَشْرِقِ، ما هُوَ مِنْ قِبَلِ المَشْرِقِ، ما هُوَ مِنْ قِبَلِ المَشْرِقِ ما هُو، وَأوْمَأَ بِیَدِهِ إلی المَشْرِقِ."** گوایە پێغەمبەر دەڵێت (ئەو دورگەیە لە دەریای شامە یان لە دەریای یەمەنە، نا بەڵکو لەلای رۆژهەلأتە، نە لە ڕۆژهەلأتیش نیە، نە لە ڕۆژهەلأتیش نیە، لەوێ نیە، وئاماژەشی بۆ ڕۆژهەلأت کرد"!! ماقولە ئەو قسە بێسەروبەرانە قسەی پێغەمبەر بێت، کە زمان پاراوترینی کەسی نێو عەرەب بوو؟! زانایانی ئیسلام پینە

وپەڕۆیەکی زۆر بۆ ئەو حەدیسە دەکەن کە بە هیچ پێوەرێک جێگای متمانە نیە.

ئەلبانی وەک عەدەتی خۆی سەنەدی حەدیس لای ڕاست بێت ئیتر کێشەی نیە، با مەتنەکەی هەموو خورافات ودرۆ بێت، یەکسەر تەسحیحی دەکات: لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەو حەدیسە ئەلبانی دەڵێت: حەدیسی جەساسە، حەدیسێکی ڕاست وسەحیحە، هیچی تێدا نیە دژەوانی بکات لەگەڵ حەدیسە سەحیحەکانی تر، لەبەر دوو هۆش ڕاستە: یەکەم چونکە ئیمامی موسلم ڕیوایەتی کردوە. دووەم: ئیسنادی حەدیسەکە کەسێکی تیادا نیە تانەی لێدرابێت".

کەچی ابن عثیمین هێشتا باشترە ودەڵێت: من دەڵێم دڵم متمانەی بە ڕاستی ئەو حەدیسە نیە، لەبەر ئەو شتە نکولی لێکراوانەی لە مەتنی حەدیسەکەدا هاتووە، کە شێخ محمد رشید ڕەزاش لە تەفسیرەکەی زۆر بە توندی ئینکاری ئەو حەدیسەی کردوە، چونکە ئەوەی لە حەدیسەکەدا هاتوە زۆر دوورە لەوەی قسەی پێغەمبەر [د.خ] بێت" [٢]

(ئەبو رەییە) لە کتێبی " أضواء علی السنة المحمدیة " دەڵێت:" ئەگەر ئیسرائیلیاتەکان ئاینی ئیسلامی پیس کردبێت بە ئیفترایەکانی، مەسیحیاتیش بەشی هەبوو لەو کارە تێکدەرە، ویەکەم کەسیش بەو کارەی مەسیحیاتە هەڵسا بێت (تمیم بن اوس الداری) یە، " ئینجا بە تەوسەوە دەربارەی حەدیسەکەی

جەساسە دەڵێت:"بەڵکو زانایانی جوگرافیا بەدوای ئەو دورگەیە دەگەڕێن ولەسەر ئەو زەوییە دەیدۆزنەوە تا ئەو شتە سەیر وعەجیب وغەریبانە دەبینین کە سەروەرمان تمیم الداری باسیان دەکات!!!"

حەدیسێکی زۆر هەیە بەهای زۆر سەلبی بڵاودەکاتەوە لەناو موسڵمانان پێویستە خەڵکی لێ ئاگادار بکرێتەوە، سەرنجێکی کەم بدەرە شەیتان لە قورئاندا چ نەگریسێکە ولە حەدیسدا خەڵکی هاندەدا شوێن پێغەمبەر کەون!

بڕوانە قورئان چۆن کوشتنی یەک کەس وەک کوشتنی هەموو مرۆڤایەتی دەزانێت، کەچی لە حەدیسدا کابرا ٩٩ کەس دەکوژێت وتەواوی دەکات بە ١٠٠ کەچی خوا لێی خۆش دەبێت چونکە تۆبەی کردوە ، هەربۆیەش کوشتنی مرۆڤ وا ئاسان وبآ نرخ بوە لە کۆمەڵگاکانی ئیسلامی ولای حزب وگروهە توندڕەوە ئیسلامیەکانیش.

دوای ئەوە حەدیسێکیتر لە بوخاری باس دەکەین.

# ئیبن سەیاد بەزۆرکراوە بە دەجال!

-٤-

بەڕاستی چیرۆکی ئەمو ابن صیادەی لە ئەمساسەوە قورسە هەزمکردنی جا با بوخاری ومسلم یش خستبیانەتە ناو کتێبەکانیان! وەک دەبینین منداڵێکی ئاسایی گوناە بووە، وەک منداڵیتر "کاتێ پیغەمبەر د.خ و کۆمەڵێک هاوەڵانی بەرەو لای ابن صیاد چوون، دیتیان لەگەل منداڵان یاری دەکات لە هەواری بەنی موغالە" یانی وەک هەر منداڵێک یاریکردوە، ماقوڵە دەجال یاری بکات؟!

ئینجا لەوانەیە وەک مەلا موعازی خۆمان کەمێک تێکەڵ وپێکەڵی کردبێت، لە شێوەی: "عومەری کوڕی بیلال صلی الله علیە وسلم" یان

"وتیان قوربان تۆ حەزت لە حەزرەتی موسایە؟ گوتی: ئا، وتیان کوڕێکمان هەیە لەگەڵ کچێک پێمان خۆشە خۆت بیانبینی، وتی کە چوومە سەیری ماڵەکەی خۆی سەلامم کرد، یەکسەر حەزرەتی ئیبراهیم گووتی الله اکبر! ئەوەی وت و وتی اشهد ان لا اله الا الله و یەکسەر عەمری خوای کرد!"

یان وەک حمە شێتی هەولێر کە زۆر جار لێیان دەگێڕایەوە پێشبینی دەکرد بە ڕوودانی کارەساتی گەورە، وەک باوکم

ڕەحمەتی کاتی خۆی بۆی دەگێڕاینەوە کە پێش شەڕی ساڵی ١٩٧٤ لە نێوان حوکمەت وکورد دا، دەیگووت شەڕێکی خویناوی ڕوو دەدات وگۆمی خوێن هەڵدەستێت!

وادیارە مەعاز و حەمە شێت لە سەردەمێک و کۆمەڵگایەکی تر دەژین، کە دەزانن تا ڕادەیەک ڕەچاوی حاڵەتی زیهنی وعەقڵی مرۆڤی خاوەن کێشەی عەقڵی ودەروونی بگرن، دەنا لەوانەیە، لەو سەردەمە با، یان بچێتە کۆمەڵگایەکی تر بلێن ئەوانە دەستیان لەگەڵ شەیتان تێکەڵاوکردوە! کۆمەڵگای سەرەتایی هەیە لە ئەفریقیا ژن ئەگەر دووانەی ببێت هەمووی نەفرەتی لیدەکەن دەڵێن دیارە خیانەتی کردوە لەگەڵ دوو پیاو خەوتووە! هەیە ئەگەر منداڵی قژ سپی ببێت، دەلێن ئەو منداڵە مەلعونە، ودەبیت ساحیرێک بیکوژێت وخوینەکەی نازانم چی لیبکات، تا نەفرەتەکە لەسەر خیزانەکە هەڵدەسێت!

ئینجا ئەو ڕیوایەتانە سوکایەتیەکی زۆر خراپ بە پێغەمبەر دەکەن کە: جارێکیان دەڵێت لە ڕیوایەتێکی ئەحمەد کوڕی حەنبەل کە لە جابر بن عبدالله دەگێڕێتەوە، تێیدا هەمان چیرۆکی حەدیسەکەی بوخاری دەگێڕێتەوە، بەلاَم دەڵێت پێغەمبەر چوار جار چۆتە ماڵی ابن صیاد ویستیتی بزانێت کە قسە لەبەر خۆیەوە دەکات لەگەڵ کێ قسە دەکات، تا ئاشکرای کات! هەرجارەکی دەچیتن دایکی ابن صیاد کورەکەی بە ئاگا دەهێنێتەوە کە کوڕم عبدالله ئەوە ابو قاسم هات،

هەموو جارێکیش پیغەمبەر قسە بە دایکی دەڵێت: خوام نا بە گژیا، بۆ خەبەری دەکاتەوە، ئەگەر وازی لێ هێنابا خۆی ئاشکرا دەکرد!

یانی پێغەمبەر بە هەزاران ئەسحابەوە و هەشت نۆ ژنەوە و سەرەڕای کاروباری دەوڵەت وشەڕ وشۆر و پێشوازی لە وەفدەکان، هەموو کاری خۆی جێهێشتوە، تەنها بەدوای ابن صیاد کەوتوە تا بزانێت دەجالە یان نا!؟ خێرە وەحی بابەتێکی وا ترسناک وگەورەی یەکلایی نەکردەوە؟! خیرە قورئان باسی گفتوگۆی دوو مێروولەی سەردەمی سلێمان پێغەمبەری دەکات لە دۆڵی میروولان، کەچی باسی کائینێکی وا زەبەلاح ناکات کە بەس کەرەکەی کە سواری دەبێت، یانی سوپەر دۆنکیەکەی چڵ باسک نێوان گوێچکەکانیەتی! وخاوەن هەموو سەلاْحیاتی خوایە لە کوشتن وزیندووکردنەوە، و باران باراندن و ڕوباری ئاگر وئاو وچیایەک لە نان وسەدان شتیتر!

ڕیوایەتەکە جارێکیتر دەڵێت:

" پیغەمبەر د.خ بە خشپەیی دەڕۆیشت وخۆی بە قەدی دارخورماکان دەشاردەوە و دەیویست گوێ رادێرێ وشتێکی لە ابن صیاد گوێ لێ بێت بەرلەوەی بیبینێت" ئینجا ئەو کردارە چەندین جاریش دووبارە دەبێتەوە، هەموو جارێ دایکی ابن سەیادی لێی تێک دەدات! ئەگەر ئەوەندە کارێکی گرنگە خێرە قورئان باسی ژنێک دەکات کە خوا قسەکانی راستەوخۆ

بیستووە لە بان حەوت تەبەقەی ئاسمان [قد سمع الله قول التي تجادلك في زوجها]، بەڵام دەجالێک ئەو هەموو کارەساتانەی لێ ڕوودەدات، کە بە ملیۆنەها خەڵک دەکوژێت و لە دین وەردەگەڕێنێت، کەچی خوا ئایەتێکی دەرباره نانێرێت؟! وپێغەمبەر وا مەشغول و ڕاڕا دەکات!

یان دەڵێت: پێغەمبەر هەر کە ابن صیادی دەدیت لێی دەپرسی: شاهێدی دەدەیت من پێغەمبەرم؟! ئەویش دەیگۆت: بەڵێ، دوایی دەیگووت: ئەی تۆ شاهێدی دەدەیت من پێغەمبەرم؟! ئەوە لە قسەی منداڵێکی کەم عەقڵ دەچێت، ماقوڵە پێغەمبەر ئیعتیرافی ابن صیادی هێندە لا گرنگ بووە بە پێغەمبەراتی خۆی؟!

یان دەڵێن: کە پیغەمبەر لیی پرسیوە دەزانیت چیم بۆ هەڵگرتووی وەک هەڕەشە؟ گووتیتی: الدخ، یانی ئایەتی الدخان!! ئەخر الدخان چ پەیوەندی بە الدخ هەیە؟ کێ ناڵی ئەوەش وشەیەکی ڕەمەکی نەبووە لەدەمی دەرچووە داماوەی، وەک حەدیسەکە دەڵی هەر ورتە ورتی بووە لەبەرخۆی قسەی کردوە! ئینجا کە وتویەتی الدخ، پێغەمبەر پێی هەڵشاخاوە و جوێنی پیداوە وتوویەتی دەمتداخە لە ڕێزی خۆت دەرنەچیت!! قوربانی ئەفسانەت بم!

یان دەڵێن پێغەمبەر لە ابن صیادی پرسی: چی دەبینیت؟ گووتی: ڕاستگۆ و درۆزن دێنە لام، پیغەمبەر گووتی: سەرت لێ

تێکچووە و شێواوە! لە ڕیوایەتەکەی تردا دەڵێت: عەرشێک دەبینم لەسەر ئاو! پێغەمبەر گوتیتی: ئەوە عەرشی ئیبلیسە لەسەر ئاو دەیبینیت!

لە مسلم دا هاتوە پێغەمبەر هەر جارەی ابن صیاد [دەجالی] بینیوە شتێکی خراپی پێ گوتوە! نازانم ئەوە چۆن لە ڕەوشتی پێغەمبەراتی دەوەشێتەوە؟!

ئیبن مسعود دەگێڕێتەوە دەڵێت ئێمە لەگەڵ پێغەمبەر دەڕۆیستن بەلای ابن صیاد تێپەڕین، پێغەمبەر گووتی: شتێکم بۆ شاردویتەوە، گووتی: دخ!

پێغەمبەر گووتی: دەمت داخە، ڕیزی خۆت تێنەپەڕێنیت...! هەر لەبەر وشەی [دخ] پێغەمبەر وا جوێنی پێدەدات؟ ئەوە چ عەقڵیەتێکی ئەفسانەئامێز ئەو حەدیسانەی دروست کردوە؟!

عن ابن مسعود رضي الله عنه قال كنا نمشي مع رسول الله صلى الله عليه وسلم فمر بابن صياد فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم "قد خبأت لک خبيئاً " فقال دخ ، فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم "إخسأ فلن تعدو قدرک " فقال عمر : يا رسول الله دعني أضرب عنقه ، فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم "دعه فإن يكن الذي تخاف ، لن تستطيع قتله. " رواه الإمام مسلم.

## ٥

# بشفرێ هەر دەجالە!

سەحابەیەکی زۆر لە قەناعەتی تەواو بوون کە ابن صیاد، دەجال بووە سوێندیشیان لەسەر خواردوە لەبەردەم پێغەمبەر کە ئەو پیاوە دەجالە، کەچی پێغەمبەر هیچی نەوتووە، ئەوەش لە زانستی حەدیسدا پێی دەڵێن تقریر، واتە بڕیار لەسەردان و ڕازیبوونی پێغەمبەر دەنا ئەگەر ڕازی نەبا، نارەزایی دەردەبڕی!

بەپێی ڕیوایەتەکان عومەری کوڕی خەتاب و عەبدوڵلای کوڕی و ابوزەر و جابری کوڕی عبدالله و عبدالله ی کوڕی مسعود، و هەتا عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب، وحفصەی دایکی ئیماندارانیش باوەڕیان وابوو وهەندێکیان سوێندیان دەخوارد کە ئەو ابن صیادە دەجالە، هەتا کە پێی دەگەیشتن شەر و تەشقەلەشیان پێدەکردا!

نافع لە سەحیحی موسلم دەگێڕێتەوە کە ابن عمر سوێندی دەخوارد کە گومانی نییە، کە ابن صیاد مەسیحی دەجالە! **رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالْبَيْهَقِيُّ فِي «كِتَابِ الْبَعْثِ والنشور»** وصححه العلامة الألباني.

**"وعن ابن عون عن نافع ، قال قال ابن عمر: لقيته مرتين . قال فلقيته فقلت لبعچهم :... قال فلقيته لقيهً أخرى وقد نفرت عينه . قال فقلت : متى فعلت عينك ما أرى قال : لا أدرى . قال قلت : لا تدرى وهى فى رأسك ؟ قال إن شاء اللّه خلقها فى عصاك هڎه . قال فنخر كأشد نخير حمار سمعت . قال فزعم بعڞ أصحابى أنى چربته بعصا كانت معى حتى تكسرت . وأما أنا ، فو اللّه ما شعرت . قال وجاء حتى دخل على أم المؤمنين فحدپها فقالت ما تريد إليه ؟ ألم تعلم أنه قد قال "إن أول ما يبعپه على الناس غچب يغچبه . "**

جارێکیان عبدالله ی کوڕی عومەر دەیبینێت وەک لە سەحیحی موسلم و موسنەدی ئەحمەد دا هاتووە: گوایە ابن عمر لە کۆڵانێکی مەدینە تووشی ابن صیاد بووە، چاوی توشی نەخۆشی بوە وهەڵئاوساوە، پێی گوتوە کەی چاوت وای لێهات؟ گووتی: نازانم! ابن عمر گووتی: دەڵێ نازانم ئەوەتایە لەسەری تۆدایە! ابن صیاد لە بێزاری پرسیارەکاندا دەڵێت: خوایدەکرد خوا لە تێلاکەی تۆ چاوی منی دەڕواند! دەڵێت وەک گوێدرێژ دەنگی دەهات جوێنی پێداوە، ودەڵێت هەندێ هاوڕیم گوتیان کەوا من لێمداوە بە تێلاکە تا لەسەرسەریدا شکاندومە!، ابن صیاد لە توڕەییان وەک ماسی باڵۆن خۆی پفکردوە هێندە ئاوساوە ڕێگاکەی پڕ کردوە! ببینە لەو خوڕافیاتانە! دەڵێن لە ترساندا ابن عمر ڕایکردوتە لای خوشکی حفصە ی خێزانی پێغەمبەری، ئەویش بە ابن عمری گوتوە: خوا عەفوو کات چت لە ابن صیاد دەوێت؟ نەتبیستوە کە پێغەمبەر فەرموویەتی لە

توره بونێک لە تورە بوونەکانی دەبیتە دەجال ودەردەچێت! یانی حەفسە لەو زیاتر قەناعەتی بە دەجالیەتی ابن صیاد هەبووە؟!

لە سەحیحی مسلم، محمد بن المنکدر دەگێڕێتەوە: جابر بن عبد الله م دیت سوێندی بەخوا دەخوارد کە ابن صیاد دەجالە، گووتم: سوێند بە خوا دەخۆیت، گووتی: من گوێم لێبوو عومەری کوڕی خەتاب ئەو سوێندەی خوارد لەبەردەم پێغەمبەر د.خ بی ئەوەی نارەزایی خۆی دەربڕێت!

"فقد أخرج مسلم في صحيحه عن محمد بن المنكدر قال :رأيت جابر بن عبد الله يحلف بالله أن ابن الصياد هو الدجال، قلت: تحلف بالله، قال: إني سمعت عمر يحلف على ذلک عند النبي صلى الله عليه وسلم فلم ينكره النبي صلى الله عليه وسلم."

ئەبو زەری غەفاری لێی دەگێڕنەوە کەوا دەیگووت: " ئەگەر دەجاران سوێند بخۆن کە ابن صیاد دەجالە پێمخۆشترە لەوەی جارێک جارێک سوێند بخۆم هەو نییە"!! یانی تازە تەواو ناوەکەی بەسەردا بڕاوە!

عبد الله بن مسعود یش وەکی ئەبو زەری غەفاری لێی دەگێڕنەوە کەوا دەیگووت: " ئەگەر نۆ جاران سوێند بخۆن کە ابن صیاد دەجالە پێمخۆشترە لەوەی جارێک جارێک سوێند بخۆم هەو نییە"!! یەک دەرەجەی کەمکردەوە لە ئەبو زەری!

أبو ذر الغفاري رضي الله عنه: ورد عن أبي ذر رضي الله عنه أنه قال « : **لَأنْ أحْلِفَ عَشْرَ مِرَارٍ أنَّ ابْنَ صَائِدٍ هُوَ الدَّجَّالُ أحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أنْ أحْلِفَ مَرَّةً وَاحِدَةً أنَّهُ لَيْسَ بِهِ** ) « . .أخرجه أحمد برقم ٢١٣٧٧ ( ١٧٧/٥) ؛ قال الهيثمي : رجال أحمد رجال الصحيح غير الحارث بن حصيرة وهو ثقة [ مجمع الزوائد ط دار الفكر ( ٨/٨) ] ؛ قال ابن حجر : سنده صحيح [ فتح الباري ( ٣٤١/١٣(

[ عبد الله بن مسعود: قال » : **وَاللَّهِ لَأنْ أحْلِفَ تِسْعًا أنَّ ابْنَ صَيَّادٍ هُوَ الدَّجَّالُ أحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أنْ أحْلِفَ وَاحِدَةً أنَّهُ لَيْسَ بِهِ** . أخرجه الطبراني في الكبير برقم ١٠١١٩ ( ١٠٩/١٠) ؛ وأبو يعلى برقم ٥٢٠٧ وقال محققه : صحيح ( ١٣٢/٩)

## ٦

یانی هەر ئەبو زەری شۆڕشگێڕ وای نەدەگووت، کورە هەتا عەلی کوڕێ ئەبو تاڵیبی حەکیمی سەحابەکان کە لەسەر مینبەر دەڵێت: خەڵکینە پرسیارم لێبکەن پێش ئەوەی لەدەستم بدەن، ئیسبەغی کوڕی نوباتە دەڵێت: دەجال کێیە میری ئیمانداران؟ عەلی گووتی: ئیسبغ گیان دەجال سافی کوڕی سائیدە، ئەوەی باوەڕی پێ بهێنێت بەدبەختە، ئەوەشی بەدرۆی خستەوە خۆشبەختە!

علي بن أبي طالب رضي الله عنه:

**عَنِ النَّزَّالِ بْنِ سَبْرَهَ، قَالَ: خَطَبَنا عَلِیُّ بْنُ أَبِی طَالِبٍ رَضِیَ اللَّهُ عَنهُ عَلَى الْمِنبَرِ فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ ثُمَّ قَالَ: أَيُّهَا النَّاسُ سَلُونِی قَبْلَ أَنْ تفْقِدُونِی قَالَهَا ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، فَقَامَ إِلَيْهِ الْأَصبَغُ بْنُ نُبَاتَهَ، فَقَالَ: مَنِ الدَّجَّالُ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ؟ فَقَالَ » :يَا أَصبَغُ، الدَّجَّالُ صَافِی بْنُ الصَّائِدِ، الشَّقِیُّ مَنْ صَدَّقَهُ وَالسَّعِيدُ مِنْ كَذَّبَهُ) « .**

# کەڵکەڵەی خۆکوژی لای ئیبن سەیادی فەقیر!

لەوە دەجێت دەجالی بەڕێز ابن صائد، سەرەڕای کێشەی دەروونی وعەقڵیشی، زۆر ئەزیەتی خواردبێت بەدەست ئەو قسە وقسەلۆکانەی کە لۆیان هەڵدەبەست، و ئەو تەشقەلآنەی کە پێیان دەکردن لە بەرزترین ئاستدا، کە بێگوومان ئێستا منداڵە ورتکەی مەدینە و سەحابەکانیش فیلمیان سوتاندوە، وەک جمعە شێتی هەولێرێ بە قەشمەری وگاڵتە پێکردنی!

کابرا واتە ئیبن سەیاد ببوە موسڵمان و دوو کوڕی کردبووە تابیعی زۆر ناودار ومتمانەدار لای ئەمیری موئمنینی حەدیس انس بن مالک، کەچی هێشتا وازیان لێنەدەهێنا، لەو جۆرە کۆمەڵگایە بۆی هەیە مرۆڤێک کە خەڵک وا مامەڵەی بکەن خۆی بکوژێت، ئەوەتا لە سەحیحی مسلم دا هاتووە لە ابی سعید الخدري دەگێڕێتەوە دەڵێت: دەرچووین بۆ حەج یان عەمرە و ابن صائد یشمان لەگەڵ بوو. لە شوێنێک دابەزین خەڵک بلآوەی کرد ومن و ئەو پێکەوە ماینەوە. زۆر لێی ترسام لەبەر ئەوەی دەربارەی دەگوترا! کەل وپەلی هێنا وخستیە لای کەل وپەلی من. گووتم: گەرماکە زۆر بە تێنە، ئەگەر کەل وپەلەکان بخەیتە ژێر دارەکە، ئەویش وایکرد، هەندێ مەڕومالآت لەویا بوون، چوو جامێک شیری بۆمان هێنا. گووتی: بخۆرەوە ئەبو سەعید، گووتم: گەرماکە بە تینە وشیریش

گەرمە، مەبەستم نەخواردنەوەی بوو لە دەستی ئەو! -لە ترساندا، دیارە ابن صیاد تێگەیشتوە-

ابن صیاد گووتی: باوکی سەعید، هاتۆتە سەرم پەتێک بهێنم بەو دارەی هەڵواسم وخۆم بخنکێنم لەبەر ئەو قسانەی خەڵک بەمنی دەڵێن! ئەوەی حەدیسی پێغەمبەر نەزانێت، ئەوە ئێوەی ئەنسارٍ دەزانن! ئایە تۆ زاناترین کەس نیت بە حەدیسی پێغەمبەر د.خ؟ باشە پێغەمبەر نەیگوتوە دەجال کافرە و من وا موسڵمانم؟ ئەی نەیگوتوە نەزۆکە و من منداڵم لە مەدینە جێهێشتوە؟ ئەی پێغەمبەر نەیگوتوە دەجال پێ نانێتە مەکە ومەدینە، ئەوە من لە مەدینەوە هاتم ودەچمە مەککە؟ ئەبو سەعید گووتی: چی نەمابوو باوەڕی پێبکەم و عوزری بۆ بێنمەوە!! ئینجا گووتی: بەخوا من دەیناسم و دەزانم لە کوێ لە دایک بووە و ئێستاش لە کوێیە!!! گووتم: داوەشێیت بە درێژایی ڕۆژ!

کابرا باسی خۆکوشتن دەکات لەدەست قسە وقسەڵۆک، وپاش بەرگریەکی عاقلانە، لەناکاو تۆمەتەکە بەسەرخۆیدا ساغ دەکاتەوە و دەڵێت : بەخوا من دەیناسم و دەزانم لە کوێ لە دایک بووە و ئێستاش لە کوێیە! دەک ماڵی درۆ هەڵبەستنم وێران کردا! یان ئەو پیاوە شێتۆکە بوە ناوەناوە قسەی هەلەق و مەلەقی کردوە، یانیش بۆیان هەڵبەستوە!

ففی الحدیپ عن أبی سعید الخدری رچی اللَّه عنه قال :(خرجنا حجاجاً أو عماراً ومعنا ابن صائد. قال: فنزلنا منزلاً. فتفرق الناس وبقیت أنا وهو. فاستوحشت منه وحشه شدیده مما یقال علیه. قال وجاء بمتاعه فوچعه مع متاعی. فقلت: إن الحر شدید. فلو وچعته تحت تلك الشجره. قال: ففعل. قال :فرفعت لنا غنم. فانگلق فجاء بعس. فقال: اشرب. أبا سعید. فقلت: إن الحر شدید واللبن حار. ما بی إلا أنی أکره أن أشرب عن یده - أو قال آخژ عن یده -.

فقال :أبا سعید! لقد هممت أن آخژ حبلاً فأعلقه بشجره پم أختنق مما یقول لی الناس، یا أبا سعید! من خفی علیه حدیپ رسول اللَّه صلی اللَّه علیه وسلم ما خفی علیکم معشر الأنصار! ألست من أعلم الناس بحدیپ رسول اللَّه صلی اللَّه علیه وسلم؟ ألیس قد قال رسول اللَّه صلی اللَّه علیه وسلم: هو کافر. وأنا مسلم؟ أو لیس قد قال رسول اللَّه صلی اللَّه علیه وسلم: هو عقیم لا یولد له، وقد ترکت ولدی بالمدینه؟ أو لیس قد قال رسول اللَّه صلی اللَّه علیه وسلم لا یدخل المدینه ولا مکه. وقد أقبلت من المدینه وأنا أرید مکه؟ قال أبو سعید الخدری: حتی کدت أن أعژره. پم قال: أما واللَّه إنی لأعرفه وأعرف مولده وأین هو الآن. قال: قلت له: تباً لك سائر الیوم)

## حەدیسەکانیش پێچەوانەی واقیع بن،

## هەر حەدیسەکان ڕاستترن!

کۆمەڵگای بە دەق بەڕێوە چوو، باوەڕیان بە دەقەکان هێندە بڕ دەکات هەتا فەرامۆشی واقیعیش دەکەن، یانی ئەگەر حەدیسێکیان بیست بڵێ پاش بیست ساڵ مەککە ئاو دەیبات، ئەگەر مەککە ئاو نەیبرد هێشتا ناڵێن واقیعەکە ڕاستتر دەرچوو لە حەدیسەکە، چونکە دەق بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار قودسیەتێکی زۆر وەردەگرێت!

بەدبەختی ابن صیاد گەیشتبوە سنوریک سەحابەی گەورە وگران قسەی پێغەمبەریشیان پێشێل دەکرد لە وەسفی دەجالدا کە گوایە پێغەمبەر فەرمویەتی دەجال نامریت تا شەڕی مەهدی و عیسا نەکات، وکافرە و ناتوانێت داخیلی مەککە و مەدینە ببێت!

لە سونەنی ابی داود دەگێڕنەوە کە جابری کوری عبدالله شاهیدی داوە کە ابن صیاد دەجال خۆیەتی، گووتم: بەڵام ابن صیاد مرد! گووتی هەتا ئەگەر مردیش! گووتم: ئەو بوە موسڵمان! گووتی: هەتا ئەگەر بوە موسلمان! گووتم ئەو هاتە ناو مەدینەش! گووتی: هەتا ئەگەر هاتە ناو مەدینەش!! یانی کابرا پیی دەڵێت پیغەمبەر دەلێت ئەو نامریت و موسڵمان

نابێت و ناتوانێت بیتە ناو مەدینە، کەچی جابر وا جەزبەی گرتیە و گەیشتیتە قەناعەت ئیلا وبیلا ئەو ابن صیاد غەریبۆکە دەجالە!

وعند أبي دواد: شهد جابر أن الدجال هو ابن صائد.قلت:أنه قد مات، قال وإن مات! قلت: أنه قد أسلم.قال وإن أسلم! قلت: أنه قد دخل المدينة. قال: وإن دخل المدينة!!

# ژێدەرەکان

[١]"وعن ابن عون عن نافع ، قال قال ابن عمر: لقيته مرتين . قال فلقيته فقلت لبعچهم :... قال فلقيته لقيهً أخرى وقد نفرت عينه . قال فقلت : متى فعلت عينك ما أرى قال : لا أدرى . قال قلت : لا تدرى وهى فى رأسك ؟ قال إن شاء اللَّه خلقها فى عصاك هڎه . قال فنخر كأشد نخير حمار سمعت . قال فزعم بعچ أصحابى أنى چربته بعصا كانت معى حتى تكسرت . وأما أنا ، فو اللَّه ما شعرت . قال وجاء حتى دخل على أم المؤمنين فحدپها فقالت ما تريد إليه ؟ ألم تعلم أنه قد قال "إن أول ما يبعپه على الناس غچب يغچبه . "

[٢] "فقد أخرج مسلم فى صحيحه عن محمد بن المنكدر قال :رأيت جابر بن عبد اللَّه يحلف باللَّه أن ابن الصياد هو الدجال، قلت: تحلف باللَّه، قال: إنى سمعت عمر يحلف على ڎلك عند النبى صلى اللَّه عليه وسلم فلم ينكره النبى صلى اللَّه عليه وسلم."

[٣] أبو ڎر الغفارى رچى اللَّه عنه: ورد عن أبى ڎر رچى اللَّه عنه أنه قال « :لَأَنْ أَحْلِفَ عَشْرَ مِرَار أَنَّ ابْنَ صَائِدٍ هُوَ الدَّجَّالُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَحْلِفَ مَرَّةً وَاحِدَةً أَنَّهُ لَيْسَ بِهِ ) « . .أخرجه أحمد برقم ٢١٣٧٧ ( ١٧٧/٥) ؛ قال الهيپمى : رجال أحمد رجال الصحيح غير الحارپ بن حصيره وهو پقه [ مجمع الزوائد گ دار الفكر ( ٨/٨) ] ؛ قال ابن حجر : سنده صحيح [ فتح البارى ( ٣٤١/١٣(

[ ٤] عبد اللَّه بن مسعود: قال » : وَاللَّهِ لَأَنْ أَحْلِفَ تِسْعًا أَنَّ ابْنَ صَيَّادٍ هُوَ الدَّجَّالُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَحْلِفَ وَاحِدَةً أَنَّهُ لَيْسَ بِهِ . أخرجه الگبرانى فى

**الكبير برقم ١٠١١٩ ( ١٠٩/١٠) ؛ وأبو يعلى برقم ٥٢٠٧ وقال محققه : صحيح ( ١٣٢/٩)**

[٥]علي بن أبي طالب رضي الله عنه:

**عَنِ النَّزَّالِ بْنِ سَبْرَهَ، قَالَ: خَطَبَنا عَلِيُّ بْنُ أَبِى طَالِبٍ رَضِىَ اللَّهُ عَنهُ عَلَى الْمِنبَرِ فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنى عَلَيْهِ ثُمَّ قَالَ: أَيُّهَا النَّاسُ سَلُونِى قَبْلَ أنْ تفْقِدُونِى قَالَهَا ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، فَقَامَ إِلَيْهِ الْأَصْبَغُ بْنُ نُبَاتَه، فَقَالَ: مَنِ الدَّجَّالُ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ؟ فَقَالَ » :يَا أَصْبَغُ، الدَّجَّالُ الصَّافِى بْنُ الصَّائِدِ، الشَّقِىُّ مَنْ صَدَّقَهُ وَالسَّعِيدُ مِنْ كَذَّبَهُ) « .**

**[٦] ففى الحديث عن أبى سعيد الخدرى رضى اللَّه عنه قال :(خرجنا حجاجاً أو عماراً ومعنا ابن صائد. قال: فنزلنا منزلاً. فتفرق الناس وبقيت أنا وهو. فاستوحشت منه وحشه شديده مما يقال عليه. قال وجاء بمتاعه فوضعه مع متاعى. فقلت: إن الحر شديد. فلو وضعته تحت تلك الشجره. قال: ففعل. قال :فرفعت لنا غنم. فانطلق فجاء بعس. فقال: اشرب. أبا سعيد. فقلت: إن الحر شديد واللبن حار. ما بى إلا أنى أكره أن أشرب عن يده - أو قال آخذ عن يده .- فقال :أبا سعيد! لقد هممت أن آخذ حبلاً فأعلقه بشجره ثم أختنق مما يقول لى الناس، يا أبا سعيد! من خفى عليه حديث رسول اللَّه صلى اللَّه عليه وسلم ما خفى عليكم معشر الأنصار! ألست من أعلم الناس بحديث رسول اللَّه صلى اللَّه عليه وسلم؟ أليس قد قال رسول اللَّه صلى اللَّه عليه وسلم: هو كافر. وأنا مسلم؟ أو ليس قد قال رسول اللَّه صلى اللَّه عليه وسلم: هو عقيم لا يولد له، وقد تركت ولدى بالمدينه؟ أو ليس قد قال رسول اللَّه صلى اللَّه عليه وسلم لا يدخل المدينه ولا مكه. وقد أقبلت من المدينه وأنا أريد مكه؟ قال أبو سعيد الخدرى: حتى كدت أن أعذره. ثم قال: أما**

**والله إنى لأعرفه وأعرف مولده وأين هو الآن. قال: قلت له: تباً لك سائر اليوم) .**

**[٧] وعند أبى دواد: شهد جابر أن الدجال هو ابن صائد.قلت:أنه قد مات،قال وإن مات! قلت: أنه قد أسلم.قال وإن أسلم! قلت: أنه قد دخل المدينه. قال: وإن دخل المدينه!!**

# لە چاوەڕێی مەلا هاوڕێ وڕۆژەکانی دەجال دا!!!

## بەشی یەکەم

من دەمێکە موتابەعەی قسەو گفتوگۆکانی مامۆستا هاوڕێ دەکەم وئەمسەف دەکێشم کە ئەو برادەرە چۆتە ناو ئەو ڕۆڵە سادە وئاسان وتلیاک بەخشینەوەیەدا لەکاتێکدا سەدان کێشە وگرفتی زۆر گرنگتر وپێویست تر لە کوردستاندا بوونی هەیە وپێویستی بە سەدان کەسی وەک هاوڕێ هەیە بۆ بەرەنگار بوونەوەیان ودیتنەوەی یان گەڕان بەدوای چارەسەردا.

ناسینی من بۆ کاک هاوڕێ دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی هەشتا وسەردەمی خوێندنی زانکۆ، کاک هاوڕێ لەو سەردەمە کە جاروبار دەمدیت کەسێکی هەردەم دەم  بە خەندە ونوکتەچی وڕوخۆش، بەلآم ئەو کاتە لە بیرمە زۆر بەدوای ئەو بابەتانە دەگەڕا کە وروژێنەر بوون، تەنها عەیبێکی کاک هاوڕێ ئەو کاتە ئەوە بوو وایدەزانی تەنها خۆی شت دەخوێنێتەوە وخەڵکی تر هەمووی حەی ئەڵلآ بەدوای ئیسلام کەوتون، بۆیە خوێندنەوەی هەر کتێبێکی نوێ لەلای کاک هاوڕێ حەدەسێک بوو بۆ خۆی.

هەندێ جار کتێبێک سەرلەبەر بیرکردنەوەی دەگۆڕی، بۆ نموونە جارێکیان لە پاش خوێندنەوەی کتیبێکی ئیسلامی میسری وای لێهاتبوو دەچوە هەر کۆڕێک ودانیشتنێک بابەت وروژێنەرەکەی ئەو کتێبەی دەوروژاند بەبێ ئەوەی ئاماژە بە خاوەن بیروڕاکە یان کتێبەکە بکات، کتێبەکە ناوی ( لا نسخ فی القران) بوو لە نوسینی عبدالمتعال الجبری بوو، کاک هاوڕێ هاتە مەجلیسێک منیشی لێبوم هێندەی گوت نەسخ لە قورئان نییە وبەڵگەکانی کتێبەکەی دەهێنایەوە بەبێ هیچ ئاماژەیەک بۆ سەرچاوەکە تا لە ناچاری من لێی بە جواب هاتم وپێیم گوت:

کاک هاوڕێ جارێ ئەو قسانە قسەی خۆت نییە وهی عبدالمتعال الجبری یە لە کتێبی ( لا نسخ فی القران) باسی کردوە، هەر کە ئەوەم گوت کاک هاوڕێ توشی شۆک هات وایدەزانی ئەوە تەنها ئەوە کتێب دەخوێنێتەوە وخەڵکی تر دەبێت چاوەڕێی زانیارەکانی ئەو بن بە بەدەم بزەوە پێیان ببەخشێت!

لەوێ کەوتینە گفتوگۆیەکی درێژ وردەکاری زۆربەیم لە بیر نییە ئەوەش هەر پێویست بە باسکردن ناکات چونکە بابەتمان نیە. هاوڕێ ی ئەو ڕۆژگارە هەمان ئەو هاوڕێ یەی جارانە کە حەز لە تیشک وورشەی چراکانی میدیاکان دەکات وحەز دەکات سیمنار وکۆڕ ببەستێت لە بابەتی هێندە بێ

کەڵک وماوەرائی کە (لایسمن ولا یغنی من جوع) ئەوەش تەنها جیاوازیەکە بەسەر کاک هاوڕێ دا هاتوە، لە کاتی خۆی عەودالی بابەتی وروژێنەری نەگوتراو وبێدەنگ لێکراو بوو ئەگەری ئەوە هەبوو ئەگەر لەسەری بەردەوام بوایە نوسەرێکی بلیمەتی خاوەن عەقلیەتێکی ڕەخنەیی گەورەی لێدەرچوبا، نەک پاش ئەو هەموو ساڵە بێت وبەیت وبالۆرەی دەجال مان بۆ بهۆنێتەوە بە ناوی ئیعجازی زانستی، ئەخر دەبێت زانینی ژمارەی (ماوەی مانەوەی ڕۆژەکانی دەجال) چ سودێکی هەبێت وچ ئیعجازێکی تێدا بێت، لە فەرزی باوەڕ کردنمان پێی؟!

بەڵێ کاک هاوڕێ ئێستاش وادەزانی خەڵک لە گوێی گادا نوستون وچاوەڕێی خێری زانیاریەکانی ئەون بەسەریاندا بیبەشێتەوە، بۆیە نوسەری بابەتەکە هەر لەو نوسینەدا لەپاش هێنانەوەی بیروڕای چەندین زانایانی ئیسلام لەسەر بابەتە بلیمەتەکەی وەک ڕای ( ابن ملک و علی القاری و عبد الفتاح ابو غدە و سعید النورسی..هتد) هەر لەپاش ئەو ڕایانە دەڵێت: " بە لام ماموستا هاوڕێ پێی وایە ...."!!

ئینجا " بۆچونێکی نوێی مامۆستا هاوڕێ دەڵیت بە هۆی دوکەڵی ئاسمانەوە" بەڕاستی ئەوە ئاماژە پێکردنێکی سەیرە بەو شێوەیە ناوی خۆت بێنیت وبیخزێنیە ناو ناوەکانی ئەو هەموو زانایە مەوسوعییانەی ئیسلام! سەیرم پێهات بۆیە

گەڕامەوە بۆ سەرەتای نوسینەکە کە وێنەی کاک هاوڕێ بەسەرەوە بوو ناونیشان وناوی ئەویشی بەسەر بوو!

ئەخر ئەگەر خۆی بە زانا دەزانێت زانایان دەیانگوت:"یقول العبد الفقیر الی الله،" یان "یقول العبد الحقیر" ئەگەر زۆر بێ فیز با، هەر مام جەلال ی خۆشمان کە باسی خۆی دەکات دەڵێت (بەندەی موخلیستان) هەرچەندە گومانم هەیە لەو نوسینە کە هی خودی کاک هاوڕێ بێت، بەڵام شێوەی بڵاوکردنەوەکەی بە وێنە وبەناوەوە لەسەروی وتارەکە بواری ئەگەرێکی تر نادات!

٢٠١٠/٤/٢٦ ڕۆژنامەی ستاندەر

# بەشی دووەم

لەو نوسینەی کاک هاوڕێ حەدیسێکی (سەحیحی) موسلیم کراوەتە کۆڵەکەی باسەکە ئەویش حەدیسی ناسراو بە حەدیسی (جەساسە) یە، کە گوایە فاتمەی کچی قەیس ڕیوایەتی کردوە لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر بێت) حەدیسەکە زۆر بە ئاشکرا شوێنەواری هەڵبەستنی پێوە دیارە ولە چوارچێوەی عەقڵیەتێکی چیرۆکخوانی خورافیدا هەڵچنراوە، وئەو جۆرە حەکایەتانە لەو سەردەمەدا ولە هەلومەرجی مێژوویی ئەو کاتەدا قابیلی باوەڕ پێکردن بوون ومۆرکی فەرهەنگی (اهل الکتاب) یشی بە ئاشکرا پێوە دیارە بۆیە زانایەکی ئیسلامی دەڵێت چۆن حەدیسی (ئیسرائیلیات) هەیە بەو شێوەیەش حەدیسی (مەسیحیات) هەیە، وئەو حەدیسەی جەساسەش بە مەسیحیات لە قەڵەم دەدات!! لەبیریشمان نەچێت کە هەموو زانیاریەکەش لە دەمی (تەمیم الداری) وەرگیراوە کە خۆی مەسیحی بوە!

حەدیسەکە ئەگەر لەو کتێبە داماڵین کە بە صحیحی موسلیم ناسراوە وبیخزێنینە هەرکتێبێکی حیکایەت ئاسای وەک کەلیلە ودمنە یان ئیزۆپ یان هەزار ویەک شەوە یان ئەوەی لە ئەدەبی ئینگلیزی پێی دەڵێن fairy tale کە بریتیە لە چیرۆکەکانی جڕوجانەوەر وجادوو کە بۆ منداڵان دەگێڕدرێتەوە

وپڕە لە جادوبازی وئاژەڵی خورافی ومەخلوقاتی عەجیب وغەریبی وەک (جەساسە) کەس پێی نازانێت. یان بکرێتە فیلمی کارتۆن منداڵان ئەڵقەیەکی دەرباز ناکەن! کورتەی حەدیسەکەی تمیم الداری گوایە پێغەمبەر خۆی لێی دەگێڕێتەوە ودەڵێت: " کە سواری پاپۆڕێکی دەریایی بوە لە گە ل(٣٠) پیاو لە خێڵی (لخم)و(جزام) پاشان بۆماوە ی مانگێک شەپۆلی دەریا هێناونی و بردونی،.... لە پاپۆڕەکە دابەزیون، چونەتە دورگەیەک، کە دەعبایەکی توکن بەرەو پیریان هاتوە، پێش و پاشی لێکجیانەدەکرایەوە لە بەرمووی زۆر ،وتمان تۆ چیت؟

گووتی من(جەساسەم) گووتمان جساسە چی یە؟ گووتی خە ڵکینە بڕۆن بولای ئەو پیاوە لەو دەیرەدا، چونکە زۆر تامەزرۆی هەواڵتانە کە چوینە ناو دەیرەکە سەیردەکەین گەورەترین زەلام کە تا ئێستا بینیبێتمان لە قە بارە دا بە توندترین شێوە کۆت و زنجیر کرابوو، هە ردوو دەستی بەستراوە بە ملی یەوە،وتمان تۆ کێی؟

وتی ئەوا ئێوە من دەبینن ،بە لاّم پێم بڵێن ئێوە کێن؟ وتیان ئیمە خەڵکێکی عەرەبین. ئینجا هەواڵی دار خورماکانی (بیسان) و دەریاچەی (گبریە) و کانیاوی(زغر)ی لێمان پرسی... وتی هەواڵی پیغەمبەرم پێبڵێن چی کرد؟وتمان لە مە ککە دە رچوە

و لە مەدینەیە، وتی عە رە بە کان شەڕیان لە گەڵنەکرد؟وتیان بەڵی زاڵ بوو بە سە ر هەموو عەرەبی چواردەوریدا ئەوانیش ملکەچی بوون ،وتی ئە گە ر بە قسە ی من بکەن وشوێنی کەون ئەوە خیری خۆتانی تێدایە ، " ئەوەیە کورتەی وەرگێڕدراوی حەدیسەکە وەک لە وتاری ناوبراودا هاتوە، جارێ حەدیسەکە بە زەقی پێچەوانەی فەرمودەیەکی تری بوخاری وموسلیم دەکات کە دەڵێت: فَقَالَ : **(أرَأيْتكُمْ لَيْلَتكُمْ هَذِهِ ، فَإِنَّ رَأسَ مِائَةِ سَنَةٍ مِنهَا لَا يَبْقَى مِمَّنْ هُوَ عَلَى ظَهْرِ الْأرْضِ أحَدٌ ) رواه البخاري ومسلم.**

واتە: "سەد ساڵ لە دوای ئەو شەوەتاندا کەسێک لەوانەی لەسەر زەوین نامێنێت بە زیندوویی"
ئەو دورگەیەی کە باسی دەکات لە کوێیە، وکەوتۆتە کام جوگرافیای کە بە ئامرازە سەرەتاییەکانی تمیم الداری دۆزراوەتەوە وبە ئامرازە پێشکەوتوەکانی ئەم سەردەمەمان نادۆزرێتەوە؟ ئەی بۆ ڕەخنە لە ئیمامە گومبوەکەی ناو سەردابەکەی شیعەکان بکەین؟!

ئەو دابەیە یان حەیوانە سپۆرتەی کە ناوی (جەساسەیە) چۆن قسە دەکات؟! چۆن ئەو عەرەبیە فەسیحە فێربوە؟! ئەو دەجالە لەو سپۆرترە ئەو هەموو ساڵە چۆن زیندوە بە دەست وپێ بەستراوەیەوە، بۆ هێندە شەریفە تا هانی عەرەب بدات

گوێڕایەڵی لە پێغەمبەر بکەن (درودی خوای لەسەر بێت) (اما إنَ ذاكَ خَيْرٌ لَهُم انْ يُطيعوهُ) ئەوە دەجالە یان داعیەی ئیسلامیە؟!

ئەو حالەتەش زۆر جار دوبارە دەبێتەوە وەک شەیتانەکەی ئەبو هورەیرە کە لە حەدیسێکی ناسراو دا هاتوە کە لە کاتی دزیکردن دەیگرێت وفێری دوعایەکی گەورەی دەکات تا بەری بدات!! ئینجا ئەو دەجالە غەیبیشی دەزانی کە پرسیارە ساویلکەکانی دەکرد لە بارەی دەریاچەی تەبریە ودارخورمای بیسان وهتد؟!

لە هەموی سەیرتر ئەو هەموو شڵەژانەی کە بەو قسانەوە دیارە کە گوایە قسەکانی پێغەمبەرن (درودی خوای لەسەر بێت)؟! کە لە وتاری مەبەستدا بە هەڵە وەرگێردراوە ئەوە دەقی قسەکانە بە عەرەبی: **" اَلا إنهُ فی بَحْرِ الشَام او بَحْرِ اليَمَنِ، لا بَل مِنْ قِبَلِ المَشْرِقِ، ما هُوَ مِنْ قِبَلِ المَشْرِقِ، ما هُوَ مِنْ قِبَلِ المَشْرِقِ ما هُو، وَاَوْمَأ بِيَدِهِ إلى المَشْرِقِ."** گوایە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەڵێ (ئەو دورگەیە لە دەریای شامە یان لە دەریای یەمەنە، نا بەڵکو لەلای رۆژهەلأتە، نە لە ڕۆژهەلأتیش نیە، لەوێ نیە، وئاماژەی بۆ ڕۆژهەلأت کرد"!! ماقولە ئەو قسە بێسەروبەرانە قسەی زمان پاراوترینی نێو عەرەب بێت؟! زانایانی ئیسلام پینە وپەڕۆیەکی زۆر بۆ ئەو حەدیسە دەکەن کە بە هیچ پێوەرێک جێگای متمانە نیە.

(ئەبو رەییە) لە کتێبی " أضواء على السنة المحمدية " دەڵێت:" ئەگەر ئیسرائلیاتەکان ئاینی ئیسلامی پیس کردبێت بە ئیفترایەکانی، مەسیحیاتیش بەشی هەبوو لەو کارە تێکدەرە، ویەکەم کەسیش بەو کارەی مەسیحیاتە هەڵسا بێت (تمیم بن اوس الداری) یە، " ئینجا بە تەوسەوە دەربارەی حەدیسەکەی جەساسە دەڵێت:"بەڵکو زانایانی جوگرافیا بەدوای ئەو دورگەیە دەگەڕێن ولەسەر ئەو زەوییە دەیدۆزنەوە تا ئەو شتە سەیر وعەجیب وغەریبانە دەبینین کە سەروەرمان تمیم الداری باسیان دەکات"!!!

حەدیسێکی زۆر هەیە بەهای زۆر سەلبی بلاۆدەکاتەوە لەناو موسڵمانان پێویستە خەڵکی لێ ئاگادار بکرێتەوە، سەرنجێکی کەم بدەرە شەیتان لە قورئاندا چ نەگریسێکە ولە حەدیسدا خەڵکی هاندەدا شوێن پێغەمبەر کەون!

بڕوانە قورئان چۆن کوشتنی یەک کەس وەک کوشتنی هەموو مرۆڤایەتی دەزانێت، کەچی لە حەدیسدا کابرا ٩٩ کەس دەکوژێت وتەواوی دەکات بە ١٠٠ کەچی خوا لێی خۆش دەبێت چونکە تۆبەی کردوە ، هەربۆیەش کوشتنی مرۆڤ وا ئاسان وبێ نرخ بوە لە کۆمەڵگاکانی ئیسلامی ولای حزب وگروپە توندڕەوە ئیسلامیەکانیش.

**ڕۆژنامەی ستاندەر** ٢٠١٠/٥/٣

# مەهدیەکەی کوردستان و بیرەوەریەک!

## ١-٢

کاتی خۆی پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ برادەرێکی پشدەریم ناسی لەلای کتێبفرۆشەکانی ژێر قەلاّ و مەحکەمەی هەولێر. ئەو کاتە هێشتا قوتابی زانکۆ بووم، ڕۆژانە دەبوایە سەرێک لای کتێبفرۆشەکان بدەم، هێندە لەوێ بووم، خەڵکێکی زۆر وایان دەزانی کتێبفرۆشم!

هەموو کتێب فرۆشەکان هاوڕێ و دۆستم بوون . ڕۆژێ گفتوگۆیەک لە نێوان من و کەسێکی بێ دین ڕوویدا، کە ئەو گفتوگۆیانە ئەو کاتە لەسەر ئەرزی واقیع دەکرا، چونکە نە ئینتەرنێت و نە فەیسبوک هەبوو .کوڕێکی پشدەری یاتە ناو گفتوگۆکەوە، هێندە بە کوردیەکی پاراو قسەی دەکرد سەرنجی ڕاکێشام. دوایی بووینە برادەر و زۆر جار لەوێ یەکترمان دەدیت، من زۆر هانم دەدا بۆ نووسین لەبەر زمانی شیرینی و ئەو عەمبارە لە وشە کوردییانەی هەڵیگرتبوو، ڕۆژێک دەستنوسێکی هێنا خوێندمەوە زۆر جوان بوو زمانەکەی، بەلاّم زۆر ئاماژەی سەیری غەیبی تێدا نووسیبوو!

من گووتم ئەوە چیرۆک و فانتازیایە یان هەقیقەت؟! گووتی هەقیقەتە! قسەم نەکرد و نەمویست لەگەڵی بچمە ناو نیقاش،

گووتم من جاروبار مانگێک زیاتر نایبینم با چاوەڕێ بم بەڵکو لە دیتنی داهاتوو باشتر دەبێت. پاش دوو سێ مانگیتر بینیم ڕیشێکی زۆر بەردابوو، پاش چاک وچۆنی گووتی: جارەکەیتر بە ناڕاستەوخۆ پێمگووتی کە من مەهدیم، ئەوجارە نەوەک نەتبینمەوە بۆ خوا پێت دەڵێم: کە من مەهدیم و دوامکەوە پەیامی خوام پێیە !

منیش بە گاڵتە پێیم گووت: بە مەرجێک بمکەیتە ابوبەکری سدیقی خۆت!
گووتی: ئەوە کاری گاڵتە وسوعبەت نییە! کە وایگووت منیش بە جدی چەند ڕیوایاتی مەهدی و ئاخیر زەمانم دەزانی و لە بەختی ئەو کتێبێکم تازە خوێندبووەوە لەسەر پوچەڵکردنی مەهدییەت و مەهدی، هەموویم پێ گووت! هەر زمانی لە گۆ کەوت و گووتی: هەموو پیغەمبەران لە سەرەتادا وایان پێکراوە و بەدرۆزنیان زانیون! نازانم لۆ ئەمن خۆم وەکی ئەبو لەهەبی دەهاتە بەرچاو، لە جیاتی ببمە ابوبکری سدیق.

پاش زیاتر لە ساڵێک دیتمەوە لە بازاڕی هەولێر لای موحافەزەی، بە سیلە چاوەکی تەماشای کردم و ویستی خۆی لە گێلی بدات، بەڵام من بانگم کرد و تەوقەیەکی گەرمم لەگەڵ کرد، دوو کەسیتری وەک خۆی لەگەڵ بوو، ویستی خۆی زۆر جدی نیشان دا، وەک بڵێی یەکترنەناسین! منیش کردمە

جەوێکی فول فشقیات گووتم: ها ئێستا بە کوێ گەیشتی ئیمام خۆ بەرزنەبویەوە بۆ پلەی پێغەمبەرایەتی! بە جاڕسبونێکەوە گووتی: لا نبي من بعدي! گووتم:دەتوانیت وەک کابرای عەرەب بڵێی من ناوم [لا] یە! یانی بەڕێز کاک لا پێغەمبەرە لە دوای من! ئەو دووەی لەگەڵی بوون زۆر مۆڕەیان لێکردم، منیش فەرامۆشم دەکردن، دوایی منی جیاکردەوە، گووتی: ئەو قسانە تەنها لە نێوان من و تۆ بوو، من ئێستا زانیم مەهدی نیم، چونکە مەهدی هەقیقی دەرکەوتوە لەلای رانیەیە بارەگای، منیش باوەڕم پێی هێناوە!

## ٢-٢

گووتم: کاکە تۆ دەڵێی منداڵێکی بەدوای دایکی ونبووی دەگەڕێت، بەس نەبوو ڕزگارت بوو لە وەهمی مەهدی بوونت، ئێستاش دوای مەهدیەکیتر کەوتووی!

گووتی: وەک من بیناسی و لێی ببینی تۆش بڕوای پێدەکەی!

گووتم: مەگەر خوا لە ئاسمانەوە قسەم لەگەڵ بکات و خەڵکیش هەمووی ئاگاداری قسەکەی بن، ئینجا ئەگەر باوەڕ بکەم! گووتی: باشە وەرە بیبینە؟! گووتم: کەی؟! گووتی: دەڕۆژێکیتر کە هاتمەوە لێرە یەکتر دەبینین هەواڵت لای کتێبفرۆشەکان بۆ بەجێ دەهێڵم کە لە کوێ دەبم! ئەو کات مۆبایل و تەلەفۆنیشمان نەبوو دنیا پڕ لە بەرائەت و نەزانی بوو، کە زۆر خۆش و هێمن بوو.

پاش کەمێکیتر ڕۆیشت ئیتر نەمدیتەوە...

دوایی ئیمام مەهدیەکەی پشدەر کتێبێکی پیرۆزیشی بۆ خۆی دروست کرد ناوی لینا [کلمات الله] من هەر زوو کڕیم، سەیرم بەوە هات وەرە کابرا تۆ خۆت پێ مەهدی بێت و کورد بیت، و زمانی عەرەبیشت هێندە باش نەبێت، بچی کتێبێک بنووسیت

یان ئیدیعای بکەیت کە وەحییە بۆت هاتووە بە عەرەبیەکی زۆر سەرەتایی، یەک لە ئایەتەکانی کە لە بیرمە:

لقد ارسلنا رسلنا بالبینات، دعا یاسر عرفات، و قال کوفی عنان هات....

شتێکی ئەوها بوو بە وردی لەبیرم نییە، بەس کتێبەکە دیار بوو وڕێنەیەکی نەخۆشی خۆبەپێغەمبەرزانی بوو، کە ئێستاکە وەک لقێکی نەخۆشیەکی دەروونناسی دەخوێندرێت! کابرایەکی هاوسێیان ئێوارەیەک تووڕەی کردبوو، ئەویش نەیکردبووە نامەردی، یەکسەر پێنج شەش ئایاتی بە توندڕەویەوە لەسەر گوتبوو و ناوی کابراشی هێنا بوو. سەیر لەوەدابوو کتێبەکەیان هەر زوو بۆ چاپ کرد لە هەولێر وابزانم لە کۆتایی ١٩٩١ بۆی چاپ کرا.

دووایی ئەوە بوو ئیمام مەهدی و دوو سێ کەس لە شوێن کەوتە و خەلیفەکانی پێکەوە کوژران لە هەولێر، ئەو کاتە لە بیرمە هەمووومان واماندەزانی بزوتنەوەی ئیسلامی کوشتیانە، ئەوانیش خۆیان بێ دەنگ کردبوو نە دەیانگووت کوشتومانە نە نەمان کوشتووە، کەسیس نەبوو لەسەری بکاتەوە و بیکاتە پرسیکی ڕای گشتی! دوایێ درەنگ لە ٢٠٠٥ شێخ زانا دانی بەو تاوانەش هێنا لە نێو تاوانەکانی تر!

دوایی زانیم کە ئەو برادەرەی من کە شوێنی کەوتبوو یەکیک بوو لە کوژراوەکان، بەداخەوە، ئەگەر ئەو کەسە تەنها ڕۆمان و چیرۆکی نووسی با دوور نەبوو ببێتە ڕۆماننوسیکی گەورەی کورد، بەلاّم خەتای ئەو نەبوو ئاستی فەرهەنگی نزم بوو، شەپۆلی دینیش زۆر بەرز بوو، ئێمە بە حاڵ ڕزگارمان بوو، هەزارانی وەک ئەوی ڕامالی و تا ئێستاش ڕادەماڵێ وەک نەخۆشیەکی دەماری گشتی.

سەیر لەوەیە دەبووایە لە هەولێر دەرکەوێ مەهدی، کەچی دوو مەهدی لەو ناوچەیەی پشدەر دەرکەوتوون، لەگەڵ خەون بینێک بەخوا، من پێموایە ئەگەر خوا پێغەمبەرێکی ناردبا لەو پشدەرە هەڵیدەبژارد! هەرچەندە هاوڕێ و برای زۆر خۆشەویست و تێگەیشتوو و بەڕێز و فەرهەنگداریشی لێیە پشدەر!

٢٠١٧/٥/٢٦

# مەهدیەکەی شیعە و کورد

ئەوەی شێخ جەلالەدین سەغیر باسی کرد، دەربارەی بەدیارکەوتنی مەهدی وشەڕی موقەدەسی لەگەڵ ئێران، دەکرا وەک شیتەڵکردنێکی سیاسی ئانی کارێکی بلیمەت با، بەلأم بەستنەوەی بە دیارکەوتن و زهوری مەهدی وسوفیانی، ئەو بەندو باوە خورافیی مەزهەبیە کارەکەی زۆر دزێو کرد! سەیر لەوەدایە کە کورد دەڵێی فرچکی گرتوە بە کەمپین، کەمپینێک بەرێوەیە لە دژی شێخ جەلالەدین سەغیر، چونکە یەکەم کەسایەتی شیعیە لە بەناو هاوپەیمانەکانمان کە بەڕاستی گوزارش لە دیوی ناوەوەی دڵ وبیروباوەڕیان دەکەن دەربارەی کورد.

من پێشتریش گوتومە، ئەوە تەنها کوردە وا بە ساویلکەیی دەڕوانێتە دۆستایەتی کورد وشیعە، ئەگینا شیعە لە ڕووی پێکهاتەی عەقڵیەتی مەزهەبی مێژووییەوە، ناتوانن ڕقی سوونی بوونی کورد لەبیر بکەن، و ڕقی سەلاحەدینی ئەیوبی یان لەبیر ناچێتەوە، کە دەوڵەتی گەندەڵی فاتیمی ڕوخاند لە میسر، تا ئێستاش شیعەکان نەفرەتی لێدەکەن بە عەقلی خۆیان ئەگەر سەلاحەدین نەبوایە ئێستا میسر سەرتاسەری شیعە بوو!

لەڕووی فقهیەوە هەمووو دەزانین کە لای شیعە، بەپێی ڕیوایەتەکانیان مەکروهە تێکەڵاوی لەگەڵ کورد بکرێت، وژن وژن خوازیان لێبکرێت [باب کراهە معاملە الاکراد ومخالطتهم] ، هەروەها لەگەڵ پێست ڕەشەکانیش، لە هەموی نامرۆیانەتر ڕیوایەتەکان دەڵێن نابێت مامەڵە لەگەڵ دەردەدارو کەمئەندامەکان بکەن، چونکە گەورەترین ستەمە [باب کراهە معاملة ذوي العاهات]!!!!

بیرۆکەی هاتنی مەهدی لە بنچینەدا بیرۆکەیەکی ئەفسانەیی دێرێنی ئادەمیزادە، گوزارش لە خەونی مرۆڤەکان دەکات، لە جیهانێکی پڕ لە دادپەروەری ویەکسانی. زۆربەی هەرە زۆری ئاینە کۆنەکان، باس لە بیرۆکەی مەهدی یان ڕزگارکەر وشتی لەو جۆرە دەکەن، هەتا بیرۆکەی سامۆیل پێکتیش لە شانۆگەری [لە چاوەڕوانی گۆدۆدا] گوزارش لەو بیرۆکەیەی ئادەمیزاد دەکات، کە پێیوایە تاقە مرۆڤێک دێت، ودنیا دەگۆڕێت وپڕی دەکات لە عەدل و یەکسانی، پاش ئەوەی لێواو لێو بوە لە جەور وستەم! بەڵام کێشەکە لەوەدایە مەهدیەکەی شیعە کە باسی دەکەن، لە ڕیوایاتە زۆر وزەبەند وبی سەروبەر وپڕ لە خورافاتەکان، کەسێکی پڕاوپڕە لە دڵ ڕەقی ودڵ ڕەشی ونا مرۆیی وبێ ڕەحمی!!

کەسێکە یەکەم کاری کە دێت واز لە مردوەکانیش ناهێنێت، بەڵکو لاشەی ئەبوبەکری سدیق، و کچەکەی خێزانی پێغەمبەر،

عائیشە وعومەری کوڕی خەتاب و حەفسەی کچی لە قەبر دەردەکات ولە خاچیان دەدات!!

بەپێی ڕیوایاتی کتێبە شیعیەکان، هەموو عەرەب و قورەیش ئیبادە دەکات، و هیچ مزگەوتێک بە ساغی ناهێڵێ، و حوکم بە شەریعەتی ئال داود دەکات وجولەکەش پشتگیری دەکەن لە مەهدی!!!

عەلامە النوری الطبرسی لە کتێبی [النجم الثاقب فی احوال الامام الحجە الغائب] شتێکی زۆر سەیر باس دەکات، دەڵێت یەک لە نازناوەکانی ئیمامی زەمان، نازناوی پاشای یان ڕزگارکەری مەجوسە [خسرو مجوس] ١/ ١٨٥ !!!.

لە [بحار الانوار] المجلسی ئەو بیرۆکەیە ڕوندەکاتەوە کە ڕیوایەت دەکات لە نوشجان کوری البودمردان دەڵێ: کاتێ فارس دۆرا لە شەڕی قادسیە و هەواڵەکە گەیشتە [یزدجرد کوری شەهریار].. ڕای کرد ولە دەرکی دیوانەکەی گوتی: السلام علیک ئەی دیوان، ئەوە من بەجێت دەهێڵم، بەلاّم یان بەخۆم دەگەڕێمەوە بۆت یا پیاوێک لە وەچەکانم دێتەوە بۆت هێشتا سەردەم وزەمانی نەهاتوە...سلێمان دەیلەمی دەڵێت: چومە خزمەت ئەبو عبدالله پرسیارم لێیکرد: مەبەستی چییە لە [یا پیاوێک لە وەچەکانم دێتەوە بۆت]؟ گوتی: ئەوە ساحێبی زەمانە لە شەشەم وەچەی منە، کە لە پشتی یزدجەرد

کەوتۆتەوە وکوری ئەوە. [بحار الانوار٥١/ ١٦٣ -١٦٤] کەوابوو کوڕی پاشای فارس دەگەڕێتەوە بۆ تۆڵەی باوکانی لە عەرەبدا!!!

هەر لە کتێبی [الغیبە] ی محمد بن ابراهیم النعمانی، ێ ٢٣٤، عن ابی عبدالله علیه السلام قال: [اذا خرج القائم لم یکن بینه وبین العرب و قریش الا السیف,,,] واتە کە مەهدی هات، تەنها شمشێر لە نێوان خۆیی وعەرەب وقورەیش دایە!!

ئەگەر بچیتە ناو وردەکاری ئەخباری مەهدی دەبێت سەد سەلاوات لە کتێبەکەی ئەلف لەیلە وو لەیلە بدەیت پڕواوپڕە لە خورافاتی پێکەنین هێنەر!

کێشەکە لەوەدایە هەرچەندە خورافاتیش بێت، شیعەکان وەک قورئان باوەڕیان پێی هەیە! وادیارە تەنگژەکانی نێوان هەرێم وحکومەتی مالیکی مەلا و ئاخوندەکانی شیعەی بەرەو ئەو قەناعەتە بردوە، کە هەرگیز ئەو پەیوەندیە نەچێتەوە دۆخی جاران، بۆیە دەیانەوێت لە ڕێگای ریوایاتەکانی مەهدی کە بەر لە ١٣٠٠ ساڵە لە دایک بوە، کورد بشێوێنن وشوێنکەوتەکانیان ئامادە بکەن بۆ شەڕی کورد. کەچی کێشەکە هەمووی سیاسیە، ولەوە دەردەکەوێت کە کوردی سوریا و تورکیا جیا دەکاتەوە لە هەڵمەتەکەی مەهدی نامونتەزیر، بە بیانووی ئەوەی [پ ک ک] قیادەکەی عەلەوییە وەک شێخ جەلالەدین سەغیر دوپاتی دەکاتەوە، وعەلەویەکی زۆریش هەن لەناو گەریلاکانی [پ ک ک] دا!! ئەگەر وابێت دەبێت مەهدی هەموو گەریلا سونەکانی

سوریا و تورکیا قەتل وعام بکات! بۆیە هەرچی زوە دەبێت گەریلا سونەکانی ناو [پ ک ک] کودەتایەک بکەن وسەرکردایەتیە عەلەویەکە لە ناوبەرن، نەوەک وەک مەڕ لە دوارۆژدا تەسلیمی چەقۆی مەهدی قەسابیان بکات!

هەوڵدانی ئێران بۆ نانەوەی تەنگژە لە سەرتاسەری جیهان، تەئکید لەسەر ڕاستیەک دەکاتەوە کە ئەو دەوڵەتە لەوەتی هەیە بە پەیڕەوانی ڕێبازی [حوجەتیەکان] بەڕێوە دەچێت، مەبەست لە حوجەتیش کە لە وشەی [الحجە] هاتوە ئاماژەیە بە ئیمام مەهدی، ئەوەش بزوتنەوەیەکە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو دامەزرا، لەلایەن ئایەتوڵڵا شیخ محمود الحلبی دامەزا.

حوجەتیش: ئەو تیۆرەیە کە باوەڕی بەوەیە بڵاوبوونەوەی شەڕوگەندەڵی و جەور وستەم چاکترین ڕێگایە بۆ بەدیارکەوتنی مەهدی مونتەزیر . شێوازی ئەحمەد نەژاد لە دواندنی مەهدی، ولێدوانەکانی هەتا لەناو کۆڕی نەتەوە یەکگرتوەکان، مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو قەناعەتە کە خودی ئەحمەدی نەژادیش حوجەتیە!

نەژاد لە نامەیەکدا بۆ خەزوری کورەکەی دەنوسێت: " ئێمە لە سەردەمی بەدیارکەوتنداین - واتە زهوری مەهدی - تۆش عاشقی ئیمامی زەمانی وباوەڕت پێی هەیە" هەر لەپاش هەڵبژاردنەوەی لە ٢٠٠٥ نەژاد گوتی:" ئیمانداران بە تەعالیمە ئیسلامیەکان هەموو کارێک دەکەن پێیان بکرێت بۆ

خێراکردنی بەدیارکەوتنی مەهدی"!! هەتا خەڵکی ئێران بە گاڵتە دەڵێن: نەژاد لە دانیشتنەکانیدا کورسیەکی بەتاڵ بۆ ئیمامی زەمان دادەنێت، ولە نان خواردنەکانیشیدا دەفرێکی بەتاڵ بۆ ئیمامی زەمان دادەنێت!

بە نسبەت نا عروبەتی ڕەوتی شیعەگەرایەتی، تا ڕادەیەک ڕاستە هۆیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ بەژداری کەسانێکی نا عەرەب، بەتایبەتی لە فارسەکان وعەجەمەکان لە دامەزراندنی پێگەکانی ئەو مەزهەبە. هەروەها لەبەر لەباوەش گرتنی خەڵکی فارس بۆ دەعوەی ئەهلی بەیت، کە هەتا عەباسیەکانیش لەسەر شان وپیلی ناعەرەبەکانی وەک کورد وفارس هاتنە سەر سەکۆی خیلافەت...بێگومان کاریگەری فارسی بەسەر جیهانبینی شیعیدا، ناکرێت نکوڵی لێ بکرێت، تا ڕادەی ئەوەی هەندێک حەدیسیان بەدەوی ئیمامەکانیان دروست کردوە، کە گوایە خودی مەهدی لەوەچەی یەزدجەردی فارسەکان وەپاش دەکەوێت، وەک باسمان کرد.

عروبەت وناعروبەتی سونە و شیعە لەو چوارچێوەیە دەبێت بخوێندرێتەوە، نەک شیعە وەک مەزهەبێکی ئینسانی و مرۆدۆست وێنا بکرێت. هەموو دەزانین کە لای شیعە بەپێی ڕیوایەتەکانیان مەکروهە تێکەڵاوی لەگەڵ کورد بکرێت وژن وژن خوازیان لێنەکرێت [باب كراهة معاملة الاكراد ومخالطتهم] ، هەروەها لەگەڵ پێست ڕەشەکانیش، لە هەموی

نامرۆیانەتر، ڕیوایەتەکان دەڵێن نابێت مامەلە لەگەڵ دەردەدار وکەمئەندامەکانیش بکەن چونکە گەورەتین ستەمە [باب كراهة معاملة ذوى العاهات]

سەرەڕای کاریگەری رەوتی عروبەتی نەتەوەیی عەرەب، کە سەدام گوزاریشی لێدەکرد، ناعروبەتی شیعەی عێراق بە هیچ جۆرێک ڕاڤەیەک نییە بۆ مرۆڤایەتی ڕێبازیان، چونکە تەنها عەرەب فاشیەتی عروبی دروست ناکات، شۆڤێنیەتی مەزهەبی وفارسیش لەئارادایە. ئەوە نییە کوردە فەیلییەکان بە ملیۆن لە بەغدا، و خوارووی عێراقن کەچی دەنگێکیان ناچێتە گیرفانی کوردەوە، چونکە وەک چۆن عەرەبی شیعە وەلایان بۆ مەزهەب زیاترە، هەرواش کوردی شیعە وەلایان بۆ مەزهەبە زیاتر لە نەتەوەکەی خۆیان.

هەرچەندە تەشەیوع وئێران عروبی نییە، بەلاَم ترسناکی مەزهەبیەتی سەفەوی کەمتر نییە لە عروبەتی فاشی. هەڕەشەکانی شێخ جەلالەدین سەغیر، کە ناوەکەی پڕ بە پیستیتی زۆر سەغیرە، کەمتر نین لە هەڕەشەکانی عروبەتی فاشی!

٢٣ ئابی ٢٠١٢

| | بابـەتــەکان | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٣ |
| ٢ | دین بوون و شیزۆفرێنای دینی! | ٥ |
| ٣ | ئەفسانەی مەسیحی دەجال | ٧ |
| ٤ | ئیبن سەیاد بەزۆرکراوە بە دەجال! | ٢٠ |
| ٥ | بشفڕی هەر دەجالە! | ٢٥ |
| ٦ | کەڵکەڵەی خۆکوژی لای ئیبن سەیادی فەقیر! | ٣٠ |
| ٧ | حەدیسەکانیش پێچەوانەی واقیع بن، هەر حەدیسەکان ڕاستترن! | ٣٢ |
| ٨ | لە چاوەڕێی مەلا هاوڕێ وڕۆژەکانی دەجال دا!!! | ٣٨ |
| ٩ | مەهدیەکەی کوردستان و بیرەوەریەک! | ٤٧ |
| ١٠ | مەهدیەکەی شیعە و کورد | ٥٣ |

A Series of Cultural
& Intellectual Dossiers

## Dossier of:

# Myth of the Antichrist and the Mahdi

Written by:
Mohammed Hariri





بیرۆکەی مەسیحی دەجال زۆر باوە لە هەموو دینەکان بە ئاسمانی و ئەرزیەوە، زۆربەی دینەکان چاوەڕوانی مەهدیەک و مخلص و ڕزگارکەرێک دەکەن، لەگەڵ چاوەڕێی مەسیحێکی شەڕانگێز و دەجال. وادیارە ئەو بیرۆکەیە ئەفسانەییەش دزەی کردۆتە ناو ئیسلام یش لەڕێگای ئەحادیس و تەفسیردا .

بەڕای ئێمە ئەو دیاردانەی مەسیحی دەجال و مەهدی و خۆ بە پێغەمبەرزانین هەمووی جۆرێک لە نەخۆشی و وەهمن لە ژێر خانەی نەخۆشییە دەروونییە دینیەکان کۆدەبنەوە.

ئەو دۆسێییە لەسەر دیاردەی دەجال و مەهدی لە ئیسلامدا نووسراوە،حەدیس وسەرچاوەکانی دین دەیسەلمێنن کە کۆمەڵگا دینییەکان چۆن لە ڕێگای دەقەوە وەهم و خوڕافاتی وایان بۆ دروست دەبێت، کە دەگاتە ڕادەی ئەوەی سەرەڕای ناڕاست دەرچوونی دەقەکانیش، کۆمەڵگا دینییەکان واقیعە ڕاستەکە فەرامۆش دەکەن و نکوڵی لێدەکەن لە پێناو ئەو خوڕافاتانەی بە دەق دامەزراون!

First Edition:
November 2018

Design: hadi hunar